# نوح و لافاوە گەورەکە

پەیدابوون ٧

لە وانەی ڕابردووماندا دەستمان کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکی پێغەمبەری خودا نوح کە دەیەم نەوە بوو لەپاش ئادەم. لە چەرخێکی گەندەڵ و بەدڕەوشتدا، نوح لەگەڵ خودادا ڕۆیشت. زانیمان چۆن خودا دڵگران بوو لەبەر گوناهی نەوەکانی ئادەم. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە: خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. (پەیدابوون ٦: ٥) لەبەر ئەوە خودا، لە توڕەییە پیرۆزەکەیدا، پلانی دانابوو کە گوناهباران تۆبەنەکارەکان لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە.

بەڵام، نیعمەتی خودا لەگەڵ نوح بوو، لەبەر ئەوەی نوح خودای خۆش دەویست و باوەڕی بە ووشەی هەبوو. بۆیە، ڕۆژێك خودا بە نوحی فەرموو: نیازی مردنی هەموو مرۆڤم هەیە لەبەر ئەوەی زەوی پڕ بووە لە خراپەکاری. لافاوێکی گەورە هەڵدەکەم لەسەر زەوی، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی لەژێر ئاسمانەکاندا دەژین بفەوتێنم. سەبارەت بە تۆش، تۆ دەبێ کەشتییەکی گەورە درووست بکەی بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەیێك بۆ خۆت و خێزانەکەت.

بۆ ماوەی (١٠٠) سەد ساڵ، نوح و خێزانەکەی ئیشیان کرد بۆ بە دروست کردنی ئەو کەشتییە گەورەیە. بەڵام نوح کاری خۆی تەنها بە درووست کردنی کەشتییەکە نەبەستابووەوە. بەڵکو ئامۆژگاری خەڵکی دەوەراوپشتی خۆشی دەکرد و دەیووت: (لەگوناهەکانتان تۆبە بکەن و پاشان بگەڕێنەوە لای خودا! خودا، خودای ڕاستودرووست، دادوەری جیهان دەکات!)

ئایا خەڵکی چەرخی نوح تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کەلە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ئاشکرای کردبوو؟ پێت وایە تۆبەیان کردبێ؟ لەنێوان هەزاران و هەزارانی نەوەی ئادەم کە لەسەر زەوی بوون، چەن کەس لەوانە تۆبەیان کرد وبای ئەوەندە باوەڕیان هەبوو کە بچنە ناو کەشتییەکەوە؟ نووسراوە پیرۆزەکان وەڵامان دەداتەوە: کەوا کەم کەسێکی تێدابوو، واتا هەشت کەس، بە ئاو ڕزگار بوون. (١ پەترۆس ٣: ٢٠)

چەن کەس باوەڕیان بە خودا هێنا؟ تەنها هەشت: نوح و ژنەکەی، هەر سێ کوڕەکەی و ژنەکانیان. هەموو ئەوانەی تر باوەڕیان بە ووشەی خودا نەهێنا. هەندێکیان بە ساکاری ئامۆژگارییەکانی نوحیان پشت گوێ دەخست، و هەندێکی تریش گاڵتەیان پێ دەکرد. پێیان وابوو نوح شێت بووە لەبەر ئەو کەشتییەی کە درووستی دەکرد لە شوێنێکی بێ ئاو. ڕەنگە خەڵکەکە بەم شێوەیە گاڵتەیان پێ کردبێ: (خەڵکینە! وەرن سەیری ئەم برادەرە بکەن کە کەشتییێکی گەورە لەم چۆڵەوانییەدا درووست دەکات! نوح دیارە شێت بووە! ئاوی لافاو لێرە لەم بیابانە؟ مەحاڵە! جگە لەوەش، خودا باشە، واناکات ئەو خەڵکە بفەوتێنێ کە خۆی درووستی کردوون! نوح، تۆ شێتی!) نوحیش سووکایەتییەکانی ئەوانی پشت گوێ دەخست لەبەر ئەوەی باوەڕی هەبوو بەوەی خودا فەرموویەتی. بەردەوام بوو لە درووستکردنی کەشتییەکە و ئامۆژگاری کردن و دەیوت، (تۆبە بکەن! خودا دادوەری جیهان دەکات بە ڕاستودرووستی! بۆ باوەڕ هێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە؟ بۆ دەتانەوێ بفەوتێن؟)

لە کۆتاییشدا ئەو ڕۆژە هات کاتێ نوح و خێزانەکەی لە درووستکردنی کەشتییەکە تەواو بوون. لە دوایین ئایەتی بەشی شەشەمی سیپارەی پەیدابوون ئەمە دەخوێنینەوە: جا نوح هەموو ئەوەی خودا فەرمانی پێکردبوو، ئەنجامی دا. (پەیدابوون ٦: ٢٢) کەشتییەکە ئامادەبوو. هەموو شتێك تەواو بوو. تەنها یەك شت مابوو: دەبوایە نوح و خێزانەکەی بچنە ناو کەشتییەکەوە. بۆ جارێکی تر، دەبینین نوح هەوڵ دەدات قەناعەت بە خەڵك بکات: (گوێ لە خودا بگرن! تۆبە بکەن و باوەڕ بە ووشەی بێنن! لافاوەکە بەم زووانە دێت! وەرنە ناو کەشتییەکەوە هەتا کات ماوە! دەرگاکە کراوەتەوە! هەرکەسێك ئاودیو بێت لێی ڕزگاری

دەبێت. بەڵام ئەگەر نەیەنە ژورەوە، چۆن دەتوانن لە دادوەری خودا هەڵبێن؟) بەم شێوەیە، نوح بەجۆشەوە خەڵکی ئاگادار کردەوە. بەڵام گوێیان نەگرت.

لەدەرئەنجامدا، لە بەشی حەفتەم، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٧) [1] ئینجا خوداوەند بە نوحی فەرموو: (خۆت و هەموو خێزانەکەت، بڕۆنە ناو کەشتییەکەوە، چونکە لەم نەوەیەدا تۆم بە ڕاستودروست بینیوە لە بەردەمم. [2] لە هەموو جۆرێک لە ئاژەڵە پاکەکان، نێر و مێ، حەوت جووت لەگەڵ خۆت دەبەیت، لەو ئاژەڵانەی پاک نین، نێر و مێیەکەی، جووتێک دەبەیت. [3] لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت جووت، لە نێر و مێیان، بۆ هێشتنەوەی وەچەکانیان لەسەرتاسەری ڕووی زەوی. [4] چونکە دوای حەوت ڕۆژی تر، چل ڕۆژ و چل شەو باران بەسەر زەویدا دەبارێنم. هەموو ئەو بوونەوەرە زیندووانە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە دروستم کردوون.) [5] نوح هەموو شتێکی ئەنجام دا، بەپێی ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێدا.

بۆچی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەی ئاسمانێکی هەوراوییان بینی؟ یان بۆنی بارانی هاتوویان کرد؟ نەخێر! ئاسمانێکی ساف بوو کاتێ چوونە ناو کەشتییەکەوە. ئەی باشە بۆچی چوونە ناو کەشتییەکە؟ تەنها یەك هۆ هەیە. ئەوان چوونە ناویەوە لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە قسەی خودا کرد. ڕەنگە هەندێك خەڵك لە دەرەوەیی کەشتییەکە بیریان کردبێتەوە: (منیش باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام من ناچمە ناو ئەو کەشتییە! باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام ناتوانم ئامۆژگاری نوح قبولّ بکەم!) چی بڵێین دەربارەی ئەو کەسانە؟ دەتوانین بڵێین کە بەتەواوی باوەڕیان بە خودا نەبوو، لەبەر ئەوەی باوەڕیان نەبوو بەوەی خودا ڕایگەیاندبوو لەڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە. تۆبەیان لە گوناهەکانیان ڕەت کردەوە و ڕێگای ڕزگاربوونیان ڕەت کردەوە کە خودا بۆیانی دابین کردبوو لە ڕێگای نوح. ڕەنگە خودایان بەرز ڕاگرتبێ بە قسە، بەڵام دڵیان زۆر زۆر دوور بوو لێی.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی چوونە ناو کەشتییەکەوە پێش ئاوی لافاوەکە. لە ئاژەڵە پاکەکان و ئاژەڵە ناپاکەکان، لە باڵندەکان و هەموو ئەو بوونەوەرانەی بە زەویدا دەخشێن، جووت جووت لە نێر و مێ، هاتنە ناو کە شتییەکەوە بۆ لای نوح، هەروەک چۆن خودا فەرمانی بە نوح دابوو... ئینجا خوداوەند لە دوایەوە دەرگای کەشتییەکەی داخست. (پەیدابوون ٧: ٧-٩، ١٦)

ئایا دەزانیت خودا چی کرد لەپاش ئەوەی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئینجا خوداوەند لە دوایەوە دەرگای کەشتییەکەی داخست. ڕۆژی توڕەبوونی گەورەی خودا هاتە دی. خودا ئارامی زۆر گرتبوو لەسەر خەڵکی ئەو نەوەیە، بەڵام ئێستا ئارامی نەما! تەنها توڕەیی ماوە. خودا دەرگای داخست! کاتێ خودا دەرگا دابخات، کەس ناتوانێ بیکاتەوە.

بەم شێوەیە، خودا ئاوی لافاوی هەڵکرد بەسەر زەوییدا هەروەك بەڵێنی دابوو. ئاسمان دەستی کرد بە ڕەش بوون، و باش هەڵیکرد. هەور و هەورەتریشقە و بروسك و بوومەلەرزە دەستی پێ کرد. ئێستا نەوەی ئادەم دەستیان بە لەرزین کرد لە ترسا. زۆر ئاسان بوو بۆ ئەوەان کاتێ هەموو شتێك ئارام بوو تەحەددای خودا بکەن بە ووشە و کرداری سووکایەتی. بەڵام ئێستا کە دادوەری خودا سەپا بەسەریاندا، دەمیان قەبات بوو! کاتی ڕوو بە ڕووبونەوەیان لەگەڵ دادوەری ڕاستودرووستی خودا دەستی پێ کرد و هیچ شوێنێك نییە خۆیانی لێ حەشاردەن!

بارانێکی زۆر قورس باری، کانییە قووڵەکانی زەوی ئاوی لێ هەڵدەقولاً، زەریاکان و ڕووبارەکان هەستان، و بوونە هۆی لافاوێکی گەورە. لێشاوی ئاو گەیشتە هەموو شارێك و هەموو گوندێك. ئەوانەی یەکسەر ئاو نەیانی برد بەترسەوە هەڵاتن و بەدوای شوێنی بەرز دەگەڕان. ئەوانەی گاڵتەیان بە نوح دەکرد ووشەی خودایان ڕەت دەکردەوە، ئێستا زانیان کە ئەوەی خودا فەرمووی لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ڕاستی بوو. بەڵام، ئەم شتە هیچ سوودی بۆیان نەبوو لەبەر ئەوەی هەلی تۆبەکردن چی دی نەما، ماوەی ڕزگاربوون بەسەرچوو. ڕەنگە هەندێك هاواریان بۆ نوح کردبێ، (نوح! نوح! دەرگاکە بکەوە! نوح، یارمەتیمان بدە! ڕزگارمان بکە! باوەڕت پێ

دەکەین نوح! تۆ ڕاستت دەوت! باوەڕمان هێنا! باوەڕمان هێنا!) بەڵام زۆر درەنگ بوو. خودا دەرگای داخستبوو. ڕۆژی ڕزگاربوون بەسەرچوو. ڕۆژی دادوەری هات. نوێژکردن و نووزانەوە و لە خۆدان، تەنانەت ناسینی ڕاستیش — هیچ شتێك ناتوانێ بیری خودا بگۆڕێ. کاتێ خودا دەرگای ڕزگاربوون دابخات، کەس ناتوانێ بیکاتەوە.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت بۆ ماوەی (٤٠) چل ڕۆژ بارانێکی بەردەوام باری و لافاوێکی بەردەوام هەڵسا تا ئاو تەنانەت چیاکانیشی داپۆشی. بەڵام کەشتییەکە لەسەر ئاو مایەوە. ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجووڵا لەناو چوو، هەموو شتێکی زیندوو لەسەر ڕووی زەوی سڕایەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لە زەوی سڕانەوە. تەنها نوح و ئەوانە مانەوە کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون. (پەیدابوون ٧: ٢١، ٢٣)

خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی؟ بێ گوومان! ئایا دادوەری ئەو گوناهبارانەی کرد کە تۆبەکردنیان ڕەت کردەوە؟ بەڵێ بێ گوومان! دادوەری هەموو ئەوانەی کرد کەلە ناو کەشتییەکە نەبوون، هەروەك بەڵێنی دا.

لە وانەی داهاتوودا چیرۆکەکە تەواو دەکەین بۆ ئەوەی بزانین نوح و خێزانەکەی چیان لێ هات لەناو کەشتییەکە. پەندێکی زۆر گرنگ هەیە خودا دەیەوێت فێرمان بکات لە چیرۆکی دادوەری لافاوە گەورەکە. ئەویش ئەمەیە: خودا پلانی ڕۆژێکی تری داناوە بۆ ئەوەی دادوەری خەڵکی جیهان بکات. ئەو ڕۆژی دادوەرییە زۆر سامناکتر دەبێت لەو ڕۆژەی بەسەر نەوەی نوح هات!

خوێندنت بکە لەوەی کە یەکێك لە پێغەمبەرانی خوا ڕایدەگەیێنن دەربارەی دوایین ڕۆژی دادوەری. نووسیویەتی: پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، هیچ شوێنیان نەدۆزرایەوە. مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە لەبەردەم تەختەکە ڕاوەستابوون و پەرتووکەکان کرانەوە. پەرتووکێکی دیکەش کە پەرتووکی ژیانە کرابۆوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە پەرتووکەکان نووسراوە حوکم دران. هەر کەسێک ناوی لە پەرتووکی ژیاندا نەدۆزرێتەوە نووسرابێت، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە. (ئاشکراکردن ٢٠: ١١–١٢، ١٥)

ئایا لە خۆت دڵنیای کاتێ بە ووردی بیر لە ڕۆژی دوایی ترسناك دەکەیەوە؟ ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتووکی ژیانی تاهەتایی؟ ئایا لە دەرگای ڕزگاربوون ئاودیو بویتە کە خودا کردویەتیەوە؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەوەتا ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری. (٢ کۆرنسۆس ٦: ٢) زانیمان چۆن خودا زۆر بە ئارامیەوە داوای لە خەڵکی کاتی نوح کرد تۆبە بکەن و باوەڕ بێنین و ڕزگاریان بێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەرگای ڕزگاربوونی داخست. هەموو ئەوانەی ڕەتیان کردەوە لە دەرگای کەشتییەکە بچنە ژوورەوە ڕوو بەڕووی دادوەری سامناکی خودا بوونەوە.

سەبارەت بە ڕۆژی دادوەری کە دێت، کاتێ کە خودا دادوەری جیهان دەکات لە ڕاستودرووستیدا، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ڕۆژی خوداوەند وەک دزە لە شەودا، ئاوا دێت. کاتێ خەڵکی دەڵێن: (ئاشتی و ئاسایشە)، ئەوسا یەکسەر فەوتان دێتە سەریان، وەک ژانی سکپڕێک، دەربازیش نابن. (١ سالۆنیکی ٥: ٢، ٣)


هیچ کەسێك هەلێ نایەێت لەو ڕۆژەدا، تەنها ئەوانەی لە دەرگای ڕزگاربوون چوونەتە ژوورەوە کە خودا بۆ نەوەکانی ئادەم کردویەتیەوە.

ئایا دەربارەی ئەو دەرگایە دەزانی کە خودا بۆ گوناهبارانی کردۆتەوە؟ ڕێگای قوتاربوون دەناسی کە خودا بۆتی دابین کردووە؟ کێ توانی لە دادوەری خودا ڕزگاری بێت لە کاتی نوح؟ تەنها ئەوانەی لە دەرگای کەشتییەکە چوونە ژوورەوە! هەروەك ئەوە، سەبارەت بە ڕۆژی دادوەری، نووسراوە پیرۆزەکان بە ڕوونی پێمان نیشان دەدات کە خودا تەنها یەك دەرگای بۆ ڕزگاربوون دابین کردووە بۆ نەوە گوناهبارەکانی ئادەم. دەربارەی ئەو درەگایەی ڕزگاربوون دەزانی؟ باشە، بزانە ئەم ووشە بێ گومانانەی لەلایەن ڕزگاری دەری پیرۆز ووتراوە کە خودا ناردی بۆ جیهان. فەرموویەتی: (منم دەرگایەکە. ئەوەی لە منووە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت!)

(یۆحەنا ١٠: ٩) (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.) (یۆحەنا ٥: ٢٤)

لە وانەکانی داهاتوودا، زۆر شتی تر فێردەبین دەربارەی ئەم ڕزگاری دەرە کە خودا ناردی بۆ جیهان، ئەوەی کە فەرمووی، (منم دەرگایەکە. ئەوەی لە منووە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت!)

خوداش بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ و فێرتان بکات کاتێ بیر لەم پرسیارە گرنگە دەکەنەوە کە لە ووشەیدا دۆزراوەتەوە: (جا ئێمە چۆن هەڵبێین ئەگەر ڕزگارییەکی مەزنی وەک ئەمە پشتگوێ بخەین؟) (عیبرانیەکان ٢: ٣)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا خەڵکی چەرخی نوح تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کە لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ئاشکرای کردبوو؟ پێت وایە تۆبەیان کردبێ؟

٢. لەنێوان هەزاران و هەزارانی نەوەی ئادەم کە لەسەر زەوی بوون، چەن کەس لەوانە تۆبەیان کرد وبای ئەوەندە باوەڕیان هەبوو کە بچنە ناو کەشتییەکەوە؟

٣. ئاوی لافاو لێرە لەم بیابانە، چۆن دروست بوو؟

٤. بۆ باوەڕ هێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە؟ بۆ دەتانەوێ بفەوتێن؟

٥. بەڵام ئەگەر نەیەنە ژورەوە، چۆن دەتوانن لە دادوەری خودا هەڵبێن؟

٦. بۆچی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەی ئاسمانێکی هەوراوییان بینی؟ یان بۆنی بارانی هاتوویان کرد؟

٧. چی بڵێین دەربارەی ئەو کەسانە کە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە؟

٨. خودا چی کرد لەپاش ئەوەی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟

٩. خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی؟ ئایا دادوەری ئەو گوناهبارانەی کرد کە تۆبەکردنیان ڕەت کردەوە؟

١٠. ئایا لە خۆت دڵنیای کاتێ بە ووردی بیر لە ڕۆژی دوایی ترسناك دەکەیەوە؟ ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتووکی ژیانی تاهەتایی؟ ئایا لە دەرگای ڕزگاربوون ئاودیو بویتە کە خودا کردویەتیەوە؟

١١. ئایا دەربارەی ئەو دەرگایە دەزانی کە خودا بۆ گوناهبارانی کردۆتەوە؟ ڕێگای قوتاربوون دەناسی کە خودا بۆتی دابین کردووە؟ کێ توانی لە دادوەری خودا ڕزگاری بێت لە کاتی نوح؟

١٢. دەربارەی ئەو دەرگایەی ڕزگاربوون دەزانی؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org